# وتوویژ لەگەڵ هونەرمەند

# لەتیف نەقشی

ئامادەکردنی: قادر سەمەدی و عەبدوڵڵا سەمەدی

**پتر لە نیو سەدە لەمەوبەر، لە شارێکی بچووک و گیرۆدەی داب و نەریتە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی مەهابادی ئەو سەردەم، دیتنی کارگەیەکی وێنەگەری، بە دەیان تابلۆی نەقاشییەوە، شتێکی سەیر بوو. لە ناو ئەو کارگەیەدا، لاوێکی حەڤدە ساڵانە بە ورەیەکی بەرز و بڕوایەکی پتەو بە خۆ، لە ناو دنیای ڕەنگ و قەڵەم و بووم و فڵچەدا، پلانی دنیایەکی ڕووناك و ڕەنگینی بۆ داهاتوو دەکێشا و سەری بە کاری خۆیەوە بوو، بە بێئەوەی بەربەرەکانی و کەندوکۆسپەکانی لاوەکی دیواری ورەی بڕووشێنن و دڵساردی بکەنەوە. ئەمڕۆ، کە ڕێگات لە شەقامی سەید نیزامی مەهاباد بکەوێ، هەمان کەس لە هەمان کارگەدا دەبینی، کە لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا، بە هەمان ورە درێژە بە کارەکەی دەدا و بێدەنگ و ئارام دەڕواتە پێش. لە شەوی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٨٣(29 Mar 2004)چووینە خزمەتی و ئەم وتوویژەمان لەگەڵ پێك هێنا.**

---



پ. با لە سەرەتاوە دەستپێبکەین.

و. من ناوم لەتیف و ناوی بنەماڵەم نەقشییە، کوڕی میرزا محەممەدی حاجی ڕەسووڵی و لە تایفەی حاجی حەسەنیانم کە لە بنەماڵە قەدیمییەکانی شاری مەهابادن. ساڵی ١٩٣٥ی هەتاوی لە مەهاباد لەدایك بووم. خوێندنم هەر لە مەهاباد تا سیکلی ئەووەڵ درێژەی کێشا، بەڵام لە ساڵی ١٩٥٢ بە هۆی کۆچیدوایی باوکمەوە، لە دەرس و خوێندن دابڕام و ڕووم کردە کار و تێکۆشان. تا ئێستا بێوچان هەوڵم داوە و شەش منداڵم پێگەیاندووە کە لە بوارەکانی جۆراوجۆری تەکنیك و زانستدا خەریکی خزمەت بە کۆمەڵن.

پ. لە بابەت ژیانی هونەریتانەوە؟

و. هەر لە پۆلەکانی سەرەتاییەوە بەهرەی هونەریم لە بواری نەققاشی لە خۆمدا شك برد، بەڵام بە چەشنی ڕێكوپێك، لە ساڵی ١٩٤٩ کە لە پۆلەکانی ناوەندیدا دەمخوێند، دەستم دایە کاری نەقاشی. یەکەم کارم دیمەنێکی زستانی بوو، کە بە دووقۆڵی لەگەڵ کاك تەها عەلەوی کە ئاواڵدەرس بووین کارمان لەسەر کرد. لەو دەمرا تا ئێستا، کە دەڕوا بۆ دەوری ٥٥ ساڵ، ئەو کارەم نەپساندووەتەوە و هەروا درێژەم پێداوە.

پ. گرێوگۆڵەکانی سەرەتای کاری نەقاشیتان چۆن دەکردەوە، ڕێنوێنیتان چۆن وەردەگرت؟ مامۆستاتان کێ بوو؟

و. لە مەهابادی ئەو سەردەمدا شتێك بە ناوی نەقاشی نە هەبوو، نە پەسند بوو. دیارە مامۆستایەکیش نەبوو کە قوتابی ڕابێنێ و دەستی کەسانێکی وەك من بگرێ. لە پۆلی یەکەمی ناوەندیدا، مامۆستای وانەی نەقاشیمان لە خوێندنگە، کاك ڕەحمانی قازی بوو، کاك ئەحمەدی قازی برایشی، ئاواڵدەرسمان بوو. لە بنەماڵەی قازیدا، سەرجەم بەهرەیەکی نەقاشی هەیە. جگە لە سوودێکی کە لە ڕێنوێنییەکانی

ماموستا قازیم وەرگرت، زۆرتر بە چەشنی ئەزموونی تاکە کەسی بۆخۆم خۆم پێگەیاند. کتێب و بەرهەمی نەقاشە نێوبەدەرەوەکانم هەر چۆنێك بوایە وەگیر دەخست و دەمخوێندنەوە و لەگەڵ دنیای ڕەنگ و چەشنەکانی کاری نەقاشی و شێوازەکانی هونەری ئاشنا دەبووم و شتی تازەیان لێ‌فێر دەبووم. لە سەفەرەکانی دەرەوەی مەهابادیشدا، لە شارەکانی ئێران بە تایبەت شارە گەورەکان، بە دوای کارگەی نەقاشەکاندا دەگەڕام و کارەکانیانم دەبینی و بەهرەم لێوەردەگرتن. لە زەینی خۆمدا کاری خۆم لەگەڵ هی ئەوان هەڵدەسەنگاند و جیاوازییەکانم دەدۆزییەوە. هەر لەوان فێر بووم کە تابلۆی نەقاشی دەبێ بخرێتە ناو چوارچێوەیەکی شیاو تا جوانتر خۆ بنوێنێ.

پ. هاندەرت بۆ کاری هونەری؟

و. هاندەرێکم نەبووە. با بزانی کە دەست دانە کاری هونەری لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوودا خۆی پێشوازی کردنە لە مەترسیش! بیروبڕوای خەڵك لە مەهابادی ئەو سەردەمدا، لە بابەت کاری نەقاشییەوە، ئەوە بوو کە نەقاشی نە تەنیا کارێکی بێ‌هوودەیە، بەڵکوو تاوان و گوناهیشە. بە تایبەت وێنە هەڵگرتنەوە لە شێوەی مرۆ و هەر زیندەوەرێك گوناهێکی گەورەتر بوو، چونکە بڕوای جەماوەر ئەوە بوو کە لە دنیایەکی تردا دەبێ ڕوحیان وەبەر بێنی و زیندوویان کەیەوە! من بە بێ ترس تابلۆکانی خۆم لە پشت شووشە پەنجەرەی کارگەکەم دادەنا و ڕووم لە جەماوەر دەکردن. دەمەویست ئەو دیوارە بڕوخێنم.

پ. ڕووداوێك یا بیرەوەرییەکی ناخۆشی ئەو ڕۆژانە.

و. دیواری هۆدەی ماڵەوەشم پڕ کردبوو لە تابلۆی نەقاشی، باوکم دڵی بەم کارانەی من خۆش نەبوو. زۆر جار کە دەهاتمەوە ماڵ دەمڕوانی باوکم تابلۆکانی وەرسووڕاندووە و ڕووی لە دیوار کردوون! ئەو بڕوای وابوو کە بە هۆی ئەم هەموو تابلۆ نەقاشییەوە، ئیتر مەلائیکە ڕوو لە ماڵی ئێمە ناکەن!! چارەی ئەو دەردەشی بەوە دۆزیبۆوە کە چاوی پۆرترەکان بە شووژن کون بکا، یا بە ئاوری جگەرە بیانسووتێنێ!! لەو ساڵانەدا زۆربەی تابلۆکانم تەمەنیان کورت بوو و لە ناوچوون. ئەوانە و زۆر شتی لەم بابەتە، بیرەوەری ناخۆشی منن.

پ. شێوازی کارەکانت؟

و. شێوازی کاری من ڕێئالیستی‌یە. کەرەستەی کار هەڵدەگرم و دەچمە ناو سروشت؛ یا بە پێچەوانە، بە کامێرایەکی فۆتۆگرافەوە، بەشێك لە سروشت هەڵدەبژێرم و دەیهێنمە بەردەم خۆم لە ماڵ یا کارگەکەم. ژیانی لادێ، هەوڵ و تێکۆشانی ڕۆژانەی خەڵك، سەیرانگا و بەزم و شادی یا ڕووداوە ناخۆش و دڵتەزێنەکانی وەك ئاوارەیی و کوێرەوەری لە تابلۆکانی مندا خۆ دەنوێنن. کارەکانی من ئاوێنەیەکن لە لایەنە ئاسایی و خۆش و ناخۆشەکانی ژیانی کوردەواری، بەڵام زۆربەی تابلۆکانی من لە سروشت دەدوێن، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ خۆشەویستیی من بەرامبەر سروشت. لە کارەکانمدا زۆرتر ڕەنگی گەرم بەکار دێنم، لە ناو ڕەنگە گەرمەکانیشدا، ڕەنگی سوور جێگەیەکی تایبەتی لە بیروزەینمدا هەیە. لەوانەیە بە هەڵکەوت تابلۆیەك بدۆزییەوە کە ڕەنگی سوورم تێدا دەکار نەکردبێ. هەرچۆنێك بێ بیانوویەك دەدۆزمەوە بۆ حوزووری ڕەنگی سوور. هەڵبەت زۆر جاریش کاری هونەرمەندان و نەقاشانی بیانیم کۆپی کردووەتەوە و وەکی ڕاهێنان و مەشقێکی هونەری کەڵکم لەو کارە وەرگرتووە.



به بڕوای من كۆپی كردنی تابلۆ ناسراوەكانی هونەرمەندە نێوبەدەرەوەكان دەتوانێ بە خۆهەڵسەنگاندنێك بژمێردرێ. كەرەستەی كارەكەشم هەر لە هەوەڵەوە oil-colour بووە، كە لە ئێراندا پێی دەڵێن "رنگ و روغن".

پ. پێشانگا و ژمارەی تابلۆكانت؟

و. تا ئێستا چەند پێشانگایەكم بە بۆنە جۆراوجۆرەكانەوە لە مەهاباد و پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا كردووەتەوە. هەندێ لە تابلۆكانیشم بۆ دەرەوەی وڵات ڕۆیشتوون. ژمارەی كارەكانیشم ڕەنگە دەوری ۵۰۰ تابلۆیەك بن. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، من كاری نەقاشیم وەك هونەرێك لە پەنا كاری ڕۆژانەم دانەناوە، بەڵكوو فرۆشتوومە و پێی ژیاوم و ماڵ و منداڵم پێ‌بەخێو كردووە. زۆرجار دەرك و پەنجەرە و دار و دیواری ماڵانم ڕەنگ كردووە و هەر بۆ ئەوەی چاوی خەڵكی وڵاتی ئێمەش خوو بە تابلۆی نەقاشی بگرێ، لەسەر لادیوارێك یا شوێنێكی لەبار لە ناو ماڵدا، دیمەنێكی سروشتیشم نەخشاندووە. بەم كارە ویستوومە لە كۆمەڵگایەكدا كە ئاماژەم پێكرد و نەقاشی بە تاوان دەژمێردرا، من ئەم كارە وەك هونەرێك بكێشمە ناو ماڵ و خێزانەكان. بڕوام وایە كە تابلۆیەكی نەقاشی لە ناو ماڵێكدا، دەتوانێ شوێن دانێتە سەر چەشنی ژیان و بیركردنەوەی ئەو خێزانە. كەوایە، بەشێك لە تابلۆكانی من لەسەر دیواری ماڵانن و ناتوانن لە پێشانگایەكدا كۆ بكرێنەوە. هەڵبەت ئەو كارانەش تا ئێستا زۆربەیان لە ناوچوون. من كە لە ڕێگای نەقاشییەوە دەژیام، دەمزانی ئەگەر بێتوو ڕوو بكەمە شارێكی وەك تاران یا تەورێز، كە نرخی كاری هونەری لەسەرتر بوو، دەسكەوتێكی ماڵیی باشترم دەبوو، بەڵام ئەوەی بۆ من لە پلەی یەكەمی گرینگیدا بوو، ئەوە بوو كە خەڵكی وڵاتی خۆمان هونەر بناسن و بایەخی پێبدەن.

پ. بەڵێ، لە ڕاستیدا جەنابت ئەركی سەربازێكی ونت هەیە بەسەر مێژووی هونەری نەقاشی لەشارەكەماندا. من خۆم ئێستا كە كاری نەقاشی دەكەم و ساڵانە دەستەیەك قوتابی ڕادێنم، لە بیرمە لە پۆلەكانی سەرەتاییدا، دەوری چل ساڵ لەمەوبەر، لەسەر ڕێگای خوێندنگە، بە سەعات لە پێش دوكانی جەنابت ڕادەوەستام و خولیای ڕوانینی تابلۆكانت دەبووم. بێ‌شك كەسانی تری وەك منیش كەم نەبوون، كە ئێستا لەم بوارەدا كار دەكەن و ناوبانگیان هەیە. جەنابت بە چەشنێكی ناڕاستەوخۆ یەكەم مامۆستای ئێمە بووی. ئامۆژگاریت بۆ قوتابیانی هونەر چیە؟

و. هەوڵەكانی من پێیان ناوەتە ۵۵ ساڵی. لەم ماوەیەدا دنیا زۆر گۆڕاوە. بیروبۆچوونی خەڵكیش ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە. ئەگەر دایك و باوكەكانی ئێمە گەورەترین لەمپەر و بەرهەڵست بوون لە بواری كاری هونەریدا، ئەمڕۆ دەستی منداڵەكانیان دەگرن و دەیانبەنە فێرگەكانی مۆسیقا و نەقاشی. ئامۆژگاریم ئەوەیە ئەم دەرفەتە بە هەند بگرن و قەدری بزانن و كەڵكی لێوەرگرن.

پ. ئایا كاری واتان بووە كە پێتان خۆش نەبووبێ بفرۆشرێ؟

و. بەڵێ، بەرچاوترینیان تابلۆیەكی ژیان و تێكۆشانی ژنانی كورد بوو لە ناو دارستانەكانی ناوچەی سەردەشت. ئەو تابلۆیە بە گرینگترین كاری خۆم دەزانم، كە ئێستا هەواڵێكم لێی نیە و نازانم بە دەست كێوەیە و لە چ وڵاتێكە.

پ. له كامه بواری تری هونەریدا چالاكیتان نواندووه؟

و. یەكەم هەوڵم له نەقاشیدا بووه. زۆریشم خۆ به خۆشنووسییەوه خەریك كردووه و گەلێك تابلۆی خەتیشم بڵاو بووەتەوه. له هەموو دەرفەتێكیش كەڵكم وەرگرتووه بۆ شاخەوانی. شاخ مانایەكی بەرزی له دنیای دەروونمدا بۆخۆ تەرخان كردووه.

پ. چ پێوەندییەك له نێوان نەقاشی و خۆشنووسی و شاخدا هەیە؟

و. من خۆشنووسیشم وەكی بەشێك له كاری نەقاشی ئەنجام داوه، ڕەنگی جۆراوجۆرم بۆ دەكار هێناوه و ڕازاندوومەتەوه و زەوینەی پشت سەرم بۆ ساز كردووه. تابلۆ خۆشنووسییەكانی من كارێكن له نێوان خۆشنووسی و نەقاشیدا. هەڵبەت ئێستا تاكه دانەیەكیشم له لا نیه و هەرچی نووسیومه فرۆشتوومه. شاخیش وەكی بەرچاوترین دیاردەی سروشت هەمیشه له ناو تابلۆكانی مندا حوزووری هەبووه.

پ. مامۆستای خۆشنووسیتان كێ بوو؟

و. لەویشدا مامۆستام نەبوو. له شاره گەورەكانی ئێران به وردی له شووشه پەنجەرەی دووكانەكانم دەڕوانی و تابلۆ نووسراوەكانی سەر دەرانەكانم دەپشكنی و شێوازی نووسینی دروستیان لێفێر دەبووم. جارێك له تەورێز وەها مەحوی وشەكانی سەر تابلۆیەك ببووم، كه لەوانه بوو وەبەر ئۆتۆمبیل بكەوم. هەڵبەت فێربوونی بەبێ مامۆستا، ڕێگایەكی دوور و درێژه و هەوڵی زێده دەخوازێ. مامۆستا دەتوانێ ڕێگای درێژت بۆ كورت بكاتەوه.

پ. تا ئێستا وا هەبووه كه كلاس دانێن و قوتابیانێك ڕابێنن؟

و. خێر، كلاسم دانەناوه، بەڵام هەمیشه ڕێنوێنی ئەو كەسانەم كردووه كه خۆیان ڕێنوێنییان لێویستووم.

پ. ئێوه ناوی یەكێك له كوڕەكانی خۆتان ناوه « هونەر »، هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناوه؟

و. نیشانەی ڕێز و خۆشەویستنی منه بۆ هونەر. لەوەش بترازێ، بەشێكی بەرچاوی تەمەنم له پێناودا بەخت كردووه. هونەر به سامانێكی لەبن‌نەهاتوو دەزانم.

پ. پێوەندی هونەر له گەڵ ژیان؟

و. جگه لەوەی ژیان خۆی هونەره، ژیانی هونەرمەند جێگای سرنجه و دەرسی گەورەی تێدایە.

پ. بیروڕاتان له بابەت مەكتەبه جۆراوجۆرەكانی نەقاشی؟

و. ئەو مەكتەبانه، پێشینه و مێژووی نەقاشین له درێژایی زەماندا، كه هەوڵ و فیداكاریی زۆریان ویستووه. پێویسته هونەرمەند موتالایان بكا و بیانناسێ، ئەمجار به پێی گیانی هونەریی خۆی، یەكیان هەڵبژێرێ و هەوڵی بۆ بدا. ئەگەر ئەمكاره بكا، ورده ورده دەتوانێ شێوازی تایبەتیی خۆی بدۆزێتەوه و خاوەنی دەنگی خۆی بێت.

پ. بیروڕات له بابەت كوبیزم و كارەكانی پیكاسۆ؟

و. وەلەو به تەواویش له كارەكانی پیكاسۆ نەگەم، ڕێزێكی گەورەیان له لای من هەیە.

پ. نەقاشانی كورد؟

و. خەریكی هەوڵێكی پیرۆزن، ڕێزم بۆ هەموویان هەیە. كاك هادی زیائەددینی له ناو هەمواندا زۆر بەرز و بەرچاوه.

**پ. گلەییتان لە کۆمەڵگای کوردەواری؟**

**و. گلەییم نیە، داواکاریم هەیە. کۆمەڵگا دەتوانێ هونەرمەند بخولقێنێ. نموونەیەك باس بکەم: ئەو زەمان کە هاتوچووی تەورێزم دەکرد، دوو نەقاشی بە ناوبانگ لە تەورێز هەبوون، باجەلانلوو کە تورك بوو و سەفەریان کە فارس بوو. کارەکانی سەفەریان لە ئاستێکی هونەریی بەرزتر دابوون. کەچی خەڵك بە هەر چەشنێکی لە دەستیان دەهات، یارمەتیی باجەلانلوویان دەدا و ڕێگەی سەرکەوتنیان بۆ خۆش دەکرد. جگە لەوەش، گۆڤارە فارسییەکان هەمیشە لاپەڕەیەکیان تەرخان دەکرد بۆ چاپی تابلۆیەکی هونەرمەندی خۆیان؛ بەداخەوە ئەودەم ئێمە نە گۆڤارێکی خۆمان هەبوو تا لانی کەم بەم شێوەیە یارمەتییەکمان بدا، و نە لە گۆڤارەکانی ئەوانیشدا لاپەڕەیەکمان پێدەبڕا! ئێستاش کە بە خۆشحاڵییەوە، پەخشە کوردییەکان هەوڵێکی بێوچانی فەرهەنگی دەدەن، لایەنی هونەری، بە تایبەت نەقاشییان لەبیر کردووە و داوام ئەوەیە لانی کەم لاپەڕەیەکی ڕەنگی تەرخان بکەن بۆ چاپی بەرهەمی نەقاشانی کورد و هەرجارە تابلۆی هونەرمەندێك بکەنە دیاری خوێنەرانیان. هەڵبەت لەوە دەگەم کە ئەوان ئەو لاپەڕە ڕەنگی و گلاسانەیان پتر بۆ سفاریشی تەبلیغی پێویستە، چونکە وەکی یارمەتییەکی ماڵی، کاروباری گۆڤارەکەی پێبەڕێوە دەبەن؛ بەڵام تەرخان کردنی ئەو لاپەڕەیەش، جگە لەوەی بە هەنگاوێکی فەرهەنگی دەژمێردرێ، دەتوانێ تا ڕادەیەك یارمەتییە ماڵییەکەش قەرەبوو بکاتەوە.**

**پ. ئارەزووتان بۆ داهاتووی هونەر لە کوردستاندا؟**

**و. بڕوام وایە کە کورد نەتەوەیەکی هونەرمەندە. گەلی ئێمە لێهاتوویی‌یەکی گەورەی تێدایە. ئارەزووم ئەوەیە هونەری کوردی بتوانێ گەشە بکا و خۆ دەربخا و چیدیکە سەرکوت نەکرێ. ئارەزووم ئەوەیە هونەرمەندانی ئێمە لە ئاستێکی جیهانیدا دەرکەون و خۆ بنوێنن.**

---